# ئەو پارچە کاغەزە سووتاوەی
# نهێنییەکی ئاشکراکرد



## ڕێوڕەسمی مێردکردن

ئێوارەیەکی پاش نوێژی (عیشا) بوو کە (دەشتی) بەخۆی و باوکی و مامە و کەسووکارەکانی تری، لەگەڵ مامۆستایەکی ئایینی، بەرەو ماڵی (شاناز) بەرێکەوتن، بۆ مارەکردنی (شاناز) بۆ (دەشتی) کەگەیشتنە ماڵیان، دوای بەخێرهێنانیان مامۆستا ئایینیەکە هەندێ قسەی شەرعی بۆ کردن.

پاشان کچە و کوڕە بانگ کران و دوو کەسیش لە هەردوولایان کرانە شاهێد و لە ژوورێکدا دانیشتن تا مارەیان ببڕێت.

مامۆستا یەکەمجار رووی قسەی لە (دەشتی) کرد و گوتی:

کوڕم تۆ کە هاتوویت ئەم کچە بخوازیت و بیکەیتە خێزانی خۆت، دەبێ باشت بیر لێکردبێتەوە و تێفکریبیت ئینجا بڕیاری ئەوەت دابێت، دەبێ کچەت لە هەموو روویەکەوە قبوڵ بوبێت، لە جوانییەکەی، لە تەمەنی، لە کەسوکاری، لە رەوشت و ئاکار و هەڵسووکەوت و بیرکردنەوەی، بە کورتی لە هەموو روویەکەوە، بۆیەش ئەو قسانەت لێرە بۆ دەکەم، چونکە لە بەرامبەر یەکدین و رووبەرووتانم کردۆتەوە (دەشتی) گوتی: مامۆستا بە هەموو قسەکانت رازیم.

ئینجا مامۆستا رووی قسەی لە (شاناز) کرد و پێی گوت: کچم دەبێ هەر چیم بە (دەشتی) گوت بە تۆشی دەڵێمەوە، رازیت؟ (شاناز) گوتی: بەڵێ رازیم، مامۆستا گوتی: کچم هەرچی پێت بکرێت لە پاراستنی ژیانی هاوسەرێتیتان بیکەیت و درێغی لێنەکەیت، ئەوەش بزانە خێزانداری کارێکی گرانە و ئەرکێکی قورسە، خۆشی و ناخۆشی زۆری تێدایە، دەبێ بەرگەی هەمووی بگری، لە هەمووشی گرنگتر و لە پێشتر پاراستنی رەوشت و ئابڕوی خێزانە، کەهی هەردووکتانە، کە هەردووکیان سەری ئەرێنیان لە قاند، مامۆستا دەستی کرد بە مارە بڕینی هەردوولا، پاشان لە ژوورە تایبەتییەکە هاتنە دەرەوە و بووە موبارەك بایی و یەکتر ماچ کردن و پاشان شیرینی خواردن و هەلهەلە لێدان، دیار بوو رۆژی گواستنەوەشیان دیاریکردبوو، بۆیە پاش تەواوبوونی مارەکردنەکە، بە دوو هەفتە (دەشتی)، (شاناز)ی گواستنەوە و بوونە ژن و مێردی یەکتر، نزیکەی مانگێك رەتبوو بەسەر ئەوهاوسەرێتییە، کە (دەشتی) هاتووچۆ کردنی گەنجێکی بە بەردەرگای

ماڵەکەیان دەبینی، کە نەجارێك و نە دووان بوو رۆژێك( دەشتی ) لە ماڵەوە دەهاتە دەرەوە کە ئەو گەنجە لە پێشی قووت بۆوە(دەشتی ) بانگی کرد و لێی پرسی: تۆ چیت لێرە هەیە، ئەوەندە هاتووچۆ دەکەی و سەیری ناو ماڵان دەکەی، گەنجەکەش گوتی: وەڵڵا هیچم نییە و ماڵمان لەو سەری کۆڵانە و رێگەم لێرەیە، بۆیە بێرە دادێم و سەیری ناوماڵانیش ناکەم.. کە گوتی ماڵمان لەو سەری کۆڵانە (دەشتی) وازی لێهێنا و رۆیشت.

(شاناز) لە ژوورەوە گوێی لە گفتوگۆی نێوان مێردەکەی و کورەکە بوو، یەکسەر هاتە دەرەوە و پرسی ئەوە چییە؟ (دەشتی)یش گوتی: هیچ گوتم بزانم ئەو کورە بۆچی هێندە بەم کۆڵانەدا هاتووچۆ دەکات(شاناز) یش گوتی: جا بە تۆچی، خۆ ئێمە بەرپرسی هاتووچۆی خەڵك نین، برۆ سەرکارت و هەقت بەسەریەوە نەبێ، چ کارمان بە خەڵکییە؟ (دەشتی) رۆیی، دوای چارەگە کاتژمێرێك کورە پەیدا بۆوە و کاغەزێکی وەك چووکلێیت هاوێشتە ماڵی (دەشتی) و لێیدا رۆیشت، کە (شاناز) کاغەزەکەی کردەوە و تیایدا نووسرابوو:(خاوەن حەوت کۆش مندالیش بیت، هەر چاوەڕێتم)،(شاناز) بزەیەکی هاتێ و کاغەزەکەی سووتاند و چۆوە ژوورەکەی.

### گومانکردن لە(شاناز)

(دەشتی) چەند جارێك رێکەوتی ئەو کورەی کردەوە و بەڕاستیش لێی کەوتە گومان، دوای ئەوەی وردە چاودێرییەکی کرد، بەڵام سەرەتا ویستی بزانێ بۆ کێییە هاتووچۆکەی، پرسیاری لە ماڵە دراوسێیەکانی کرد بەڵام بۆی دەرکەوت زۆربەی ماڵەکان ئەسڵەن کچی جاحێڵیان هەر نییە، چەند جارێك مەسەلەکەی هەڵسەنگاند، نەدەگەیشتە هیچ بڕیارێك و سەرە داوێك، تالەیەکێ لە جارەکان لەسەری کۆڵانەکە بوو کە بینی کورەکە لە نزیك دەرگای ماڵەوەیان شتێکی فڕێ دایە ناو ماڵیان ، کورەکە و(دەشتی) لێك نزیك بوونەوە، کورە لە ترسان رەنگی وەك پەلکە پیازی لێهاتبوو،(دەشتی)یش ئاگری غەزەب لە چاوی دەباری، کورە چاوەڕێی ئەوەبوو تووشی گێرمە و کێشەبێ، بیری لە چۆنییەتی خۆدەرباز کردن لە کێشەی داهاتوو دەکردەوە، بەڵام سەیری پێهات دیتی( دەشتی ) هەر خۆشی تێنەگەیاند و وەك ئەوەی هیچ نەبوو بێ بەلای دا رەت بوو و رۆیشت، کورە ئەوەی بە چاوی خۆی دیتی باوەڕی نەکرد، لەو سەری کۆڵانەکە، میدالیایەکی لە دەست بوو، فڕێی دایە سەر زەوییەکە وەك ئەوەی لە دەستی بەربووبێتەوە، هەڵیگرتەوە و لەگەڵ هەڵگرتنەوەی ئاوڕێکی دواوەی دایەوە و دیتی (دەشتی) زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی چووە ماڵی خۆیان، ئیتر ئەویش هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و لێیدا و رۆیشت، بەڵام (دەشتی) لە دڵی خۆیدا نەخشەیەکی وردی چاودێری کردنی کێشابوو، بۆیە نەیهێشت، بای تۆزقاڵێکیش(شاناز) هەست بە گومانکردن و چاودێریکردنی ئەو بکات(دەشتی) چاوێکی وردی بە پەنهانی بەناو حەوشە و ژوورەکان و بەر هەیوانەکەو دواتر سەبەتەی زبڵیش گێڕا، دیتی کاغەزێك لە ناو سەبەتەی زبڵ سوتێنراوە، پاش ئەوەی کە زانی شاناز غافڵ بووە پاشماوەی سووتاندنەکەی هەڵگرت، تەنیا یەك دوو پیتی تێدا بە سووتێنراوی مابوو، پیتەکان هیچ مانایەکیان نەدەدا، بەڵام تۆوی گومانێکی قوڵیان لە دڵی (دەشتی) چاند.

### بینینی هەردووکیان بەیەکەوە

(دەشتی) وای پێ چاك بوو،(باوکی) ئاگاداربکاتەوە مەسەلەکەی پێ بڵێ، دوای تاوتوێکردنی مەسەلەکە هەردوولا گەیشتبوونە ئەو بڕیارەی ئەگەر بە بەڵگەوە دەرکەوت ئەو ژنە شتێکی هەیە، بێ گەورەکردن و کێشە دروستکردن تەڵاقی بدات و دەستی لێ بدات(بۆیە(دەشتی) بەردەوام بوو لەسەر چاودێری کردنی ژنەکەی، یەك دوو رۆژ لەسەری کۆڵانەکە رادەوەستا و دوور بە دووری چاودێری ماڵی خۆیان دەکرد تا کورەکە دەهات، سێ چوار رۆژ بەردەوام چاودێری دەکردن، رۆژێك کورە پەیدابوو، کە گەیشتە نزیك ماڵەکەیان چووە بەردەم دەرگا و سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد و پاڵێکی بە دەرگاوە ناو چووە ژوورەوە(دەشتی) یش چاوەڕێی کرد، بزانێ کورەکە دێتە دەرەوە، نزیکەی نیو کاتژمێر لە ژوورەوە مایەوە، ئینجا دەرگا کرایەوەو(شاناز) لە دەرگاکە هاتە دەرەوە، سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد کە دیتی کەس لە دەرەوە نییە، ئاماژەیەکی بۆ کورەکە کرد و ئەویش هاتە دەرەوە و لە چاوتروکانێکدا لە کۆڵانەکە دەرباز بوو، دوای ئەم دیمەنە(دەشتی) ئاگاداری باوکی کردەوە، گفتوگۆیەکی دوور و درێژیان لەو بارەیەوە کرد دەشتی کە چاودێریکردنی (شاناز) بەردەوام بوو، سێ رۆژ دواتر کورەکە هاتەوە کۆڵانەکە و ئەو جارەش رێك بۆ ماڵی (دەشتی) پاش پێنج خولەك(دەشتی بڕیاریدا بڕوا بەسەریاندا بدات، ئەوە بوو بەپەلە رۆیشت و کلیلی دەرگاکەی دەرەوەی دەرهێنا و بەهێواشی بۆ ئەوەی دەنگی نەیەت، دەرگاکەی کردەوە و لەگەڵ قرچەی دەمی قفڵی دەرگاکە کە دەنگێکی لێوەهات، بە پەلە پاڵێکی بە دەرگاکەوە ناو چووە ژوورەوە، دەرگاکردنەوە و پاڵ نانی بەهێزی دەرگاکە(شاناز) و کورەی هۆشیارکردەوە، بەسەر پەیژەکانی ماڵدا دەرپەڕی و خۆی قوتار کرد(دەشتی) کەوتە سەر(شاناز) تا شەکەت و هیلاك بوو لێیدا، ژنە لەگەڵ لێیدان لەهۆش خۆی چوو،(دەشتی) تەلەفۆنی بۆ باوکی و ماڵی بابی ژنە کرد کە( دەشتی ) بەسەر هەردووکیانی دادا،(شاناز) ئەو کراسەی کە لەبەری بوو، دایکەندبوو، تەنیا(ستیانی) لەبەردا مابوو، بۆیە هەر بەو حاڵەتەوە هێشتبوویەوە و نەیهێشت کراسەکەی لەبەر بکات، ئەو کاغەزەش کە سووتاندبووی، خۆڵەمێشەکەی هەڵگرتبوو، باوکی (دەشتی) بەرامبەر رووداوەکە سەرسام نەبوو، چونکە پێشتر (دەشتی) ئاگاداری کردبۆوە، کەچی باوکی(شاناز) کە چاوی بە وەزعەکەی کەوت، بە( دەشتی ) گوت: بۆچی نەتکوشت، بۆچی وەهات هێشتەوە و کردتە لەکە بەسەرمانەوە ئینجا (شاناز) دەستی بە گریان و پاڕانەوە و سکاڵاکردن کرد و بە باوکی گوت کە(دەشتی ) بوختانی پێدەکات، ئەوە وایکرد جۆرە گومانێك لای باوکی( شاناز) دروستبکا) یان راستتر وایە بڵێین جۆرە گومانێکی لە راستی قسەکانی (دەشتی) نیشان دا باوکی (دەشتی) نەیهێشت مەسەلەکە لە دەست خۆیان دەربچێت گوتی: فلان کچی خۆت ببەوە و هەر کەسە لە ماڵی خۆی دابنیشێت و وەك ئەوەی هیچ روونەداوە نە ئێوە باسی مەسەلەکە بکەن نە ئێمەش، با( شاناز) لە مارەیی پاشەکی و ئەو شتانە خۆشبێت و ئەگەر کەوچکێکی لە ماڵی باوکی هێناوە، با بیباتەوە دوای چەند رۆژێك هەردوولا لەسەر ئەو شتانە رێککەوتن و(دەشتی ) پارێزەرێکی گرت و دوای پەسەندکردنی تەڵاقی پێشکەش بە دادگا کرد، و دادگاش پەسەندی تەڵاقی ئارەزوومەندانەی هەردوولای کرد و کێشەکەیان براندەوە.

**کورە چاوەڕێی ئەوەبوو تووشی شەڕ و کێشەبێ، بەڵام سەیری پێهات کە دیتی(دەشتی) هەر خۆشی تێنەگەیاند، وەك ئەوەی هیچ روونەدابێ بەلایدا رەتبوو و رۆیشت**



## کاتێک منداڵ باجی خیانەتی دایک دەداتەوە

# ئەوانەی منداڵی خۆیان فڕێ دەدەن

**مامانێک: ژن هەیە پێی گووتووم دوو ساڵە مێردەکەم لە هەندەرانە، گەر خزم و کەسم بزانن سکم هەیە دەمکوژن**

**ئا: فایلی کۆمەڵایەتی**

هەموو تاکێك بەهەردوو رەگەزەوە ئارەزوو دەكات كە ژیانێكی پڕ بەختەوەری بۆ خۆی و نەوەی ئایندەی بەرجەستە بكات، ئەم بەختەوەرە ئاراستەی خۆی دەگۆڕێت ئەگەر لەسەرەتای ژیانیەوە چانس یاوەری نەبێت بەو مانایەی كە ئەگەر دایك و باوكێكی دڵسۆزی نەبێت، ئەگەر یەكێك لەو دووانە دڵسۆز نەبوون، دەبێت چارەنوسی چۆن بێت؟ بەدەر لەوەی چانس یاوەری نابێت بگرە بەدبەختی و رەش بینی لەو چركەساتەوە لەگەڵیدا دەبێت لەكاتێكدا كە نەزانێت دایك و باوكی كێیە؟ بەبێ نازی دایك وباوك باوەش بۆ ژیان بكاتەوە، لەكاتێكدا ئەو دایك و باوكە كە ناشتوانن ناویان لێ بنێین دایك و باوك، چونكە سۆزی هیچ دایك و باوكێك رێگە بەوە نادات كە منداڵی خۆیان لەسەر شەقام و كوچە و كۆڵانەكاندا فڕێدەن. بەڵام دەبینین كە هێشتا مرۆڤانێك هەن بۆ چێژو وەرگرتنی خۆیان لەسێكس و ناپاكی كردن لەگەڵ هاوسەر یان بەهەربیانویەكەوە بێت بەبێ ئاگا كەسێك دێننەبوون كەبەرهەمی نەزانین و بێ هۆشیارییە، لەئاكامدا بۆ شاردنەوەی كارەكانیان بڕیاری فڕێدانی ئەو منداڵە دەدەن كەبەشێوازێكی نادروست و ناشەرعی هاتۆتە بوون یان لەبەر هەر هۆكارێكی دیكە بێت. بۆ قسەكردن لەسەر ئەم تەوەرە

**بەڕێز (هیوا عەلی)ی نووسەر** پێوایە كەقسەكردن لەسەر ئەم حاڵەتە پێویستی بەوە هەیە سەرەتا لەهۆكارەكانی بكۆڵینەوە كە بۆتە فاكتەر بۆ دروستبوونی ئەم دیاردەیە، بەرچاوكەوتنی ئەو حاڵەتە ویژدانی مرۆڤ دەهەژێنێت و هاوكات كاردانەوەیەكی نێگەتیڤ لەسەر لایەنی دەروون و بیركردنەوەی تاكەكانی ئەم كۆمەڵگەیە دروست دەكات. فڕێدانی منداڵ هەرجارەی لەسوچ و گۆشەیەكدا چەندین خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت مەرجیش نییە لەئاكامی ناشەرعی بوونەوە ئەو منداڵە خوڵقابێت، پێدەچێت بەهۆی هەژاری یاخود كێشەی خێزانەوە بێت ئەو دایك و باوكە ناچار بكات بریاری فرێدانی منداڵەكەیان بدات، بەڵام ئێمە جەخت لەسەر ئەو شێوازە دەكەینەوە كە لەسەر بنەمای فسادی و بێ ئاكاریەوە دروست بووبێت، ئەم حاڵەتە بۆ ئافرەتێك ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دابێت قورسترە لەبەرئەوەی گەورەترین ناپاكی لەبەرامبەر هاوسەرو خێزانەكەی كردووە، یان لەوانەیە ئافرەتێك بەكاری لەش فرۆشیەوە سەرقاڵ بێت و تووشی حاڵەتی سكپڕی بووبێت و دواتریش دەبێت ئەو منداڵە باجەكەی بدات. هەموو ئەم حاڵاتانە دەگەرێتەوە بۆ ناهۆشیاری تاكی ئەم كۆمەڵگەیە لەكاتێكدا زاڵ نییە بەسەر لایەنی جنسی خۆیاندا، دەبێت بیریش لەوە بكاتەوە ئەو منداڵە چ تاوانێكی كردووەو لەئایندەدا دەبێتە چ نەوەیەك و كۆمەڵگە بەرەو چ ئاقارێكی وێران دەبات جگەلەوەی



**ئەوەی بتوانێ خیانەت بکات دەتوانی منداڵی خۆشی فڕێبدات**

ناتوانین وەك هیچ تاکێکی ئاسایی ئەم کۆمەڵگە ژیانێکی ئاسودە بۆ خۆی دەستەبەر بکات، چونکە لەچوارچێوەی هیچ پەروەردە و فێربوونێکمدا جێگەی نابێتەوە بەهەمان شێوە دەبێت ژیانی لەکوچە و کۆڵانەکاندا بەسەربەرێت.

**خاتوو (لەیلا مستەفا) کە پیشەی مامانییە دەڵێت:** من کاتێك کاری مامانی دەکەم چەندین جار توشی ئەم حاڵەتە بوومەتەوە و داوام لێکراوە کە کاریان بۆ بکەم و هاوکاریان بکەم بۆ لەباربردنی منداڵەکەیان، بەڵام لەوەڵامدا پێم گوتوون من هەرگیز کاری لەو چەشنە ناکەم چونکە جگەلەوەی کارێکی ناشەرعی و دژ بەئاینە، کارێکی قێزەونە. پارەیەکی زۆریان پێداوم بۆئەوەی بۆیان لەباربەرم وتوویانە بەهۆی نەزانینەوە، تووشی بووینە. ژن هەبووە پێی گوتووم مێردەکەم بۆماوەی (٢)دوو ساڵە لەدەرەوەی وڵاتە ئەگەر کەسوکارم بزانن سکم هەیە بەبێ هیچ گومانێك دەمکوژن یان کچ هاتۆتە لام بەهەمان شێوە داوای لێکردووم، ژن پێی گوتووم من ئەم منداڵەم ناوێت لەبەرئەوەی لەهاوسەرەکەم نییە!!! بەداخەوە زۆر مامان هەیە بەبرە پارەیەکی زۆر کەم ئەم کارە دەکەن جگەلەوەی زۆرجار داوای ئەوە دەکەن کەلای کەسوکاریان بڵێین منداڵەکە مردووە بۆئەوەی فرێی بدەن یان دەڵێن بیدە بەیەکێك کە منداڵی نابێت، بەڕاستی کاتێك تووشی ئەم حاڵەتە دەبمەوە بریاردان زۆر قورسە، چونکە دەکەوینە دوو لایەنی بڕیاردانەوە یەکەم لەبەر ژیانی مناڵەکەیە و دووەم کاتێك دەبینیت بەناشەرعی لەدایك بووە حەزناکەیت هیچ هاوکاریەکی بکەیت.

**خاتوو ( ڕێبوار) چالاك لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەڵێت:** ئێمە گوناە یان تاوانێك دەکەین دەبێت نەوەکانمان باجی هەڵەی ئێمە بدەن، کاتێك ئافرەتێك لەگەڵ پیاوێکدا بەجۆرێك لەجۆرەکان بۆ تێرکردنی لایەنی جنسی خۆیان تێکەڵی یەکتر دەبن، بێ ئەوەی بزانن هەڵەیەکی چەند گەورە دەکەن و بێ ئاگان لەوەی کە بوونەوەرێك دەخولقێت و دێتەبوون. بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە حاڵاتانە لەوڵاتانی تریش لەپێشکەوتورین و دواکەوتووترین یان بەدی دەکرێت، ئەگەر لەم روانگەوە نیگایەك بەکۆمەڵگای کوردیدا بکەن دەبینین کاتێك منداڵێك لەسەر شەقامێك یان شوێنێکی گشتی فڕێدراوە بەبێ هیچ دوو دڵییەك بیرکردنەوەمان بەرەو ئەو ئاڕاستەیەمان دەبات کە ئەم منداڵە لەرێگەی مومارەسەی ناشەرعیەوە خولقاوە، ئەگەرنا بۆچی چارەنوسی بەم چەشنەیە؟ لەلایەکی ترەوە پێدەچێت چەند فاکتەرێکی تریش لەپشت فڕێدانی ئەم منداڵەوە هەبێت.

**خاتوو(کوردستان ) یەکێکە لەو ئافرەتانەیەکە بیری لەوە کردۆتەوە منداڵەکەی خۆی فڕێدا** ئەو باس

لەوە دەکات بۆچی بیری لەفڕێدانی منداڵەکەی کردۆتەوە، دەڵێت: من بەدڵی خۆم پرۆسەی هاوسەرگیریم ئەنجام نەدا بەزۆری باوکم بوو، ئەمەش وای لێکردم بەردەوام بیر لەوەبکەمەوە بەهەر شێوەیەك بێت تۆڵەی خۆم بکەمەوە. کاتێك لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆمدا تێکەڵاویم دروست کرد و بێ ئەندازە لەیەکتر نزیك بووینەوە بەجۆرێك من خۆم هانم ئەداو باسی سێکس و مومارەسەی سێکسیم بۆ دەکرد تا گەیشتە ئەو رادەیەی کەهیچ سنورێك لەنێوانماندا نەما، بەڵام لەدوای ماوەیەك نەمزانی کە سکم هەیە، بۆیە بۆ لەناوبردنی ئەو منداڵە زۆر هەوڵمدا لەبار خۆمی بەرم چونکە زۆر پەشیمان بووم لەو خیانەتە گەورەیەی کەلەهاوسەرەکەم کردووە، چوومە لای چەندین پزیشك بەڵام هیچ کارێکیان بۆ نەکردم ناچاربووم چوومە لای مامانێك ئەویش پێی گوتم ئەوەی تۆ دەکەیت و داوای دەکەیت لەمن ئەوە گەورەترین قەتلە، هیچ مامانێکیش بۆی نەکردم، بەڵام لەدوای بێ ئومێدییەکی زۆر و لەدایك بوونی منداڵەکە بیرم کردەوە کە فڕێی بدەم یان لەشوێنێك بەجێی بهێڵم کە زۆر دووربێت لەماڵەوەمان، هەموو ئەم بیرکردنەوانەی بەزهنی مندا هات بیرکردنەوەی بکات زۆر هەڵەبوون، چونکە هەموو کەسوکارەکەم دەیانزانی کە منداڵم بووە، هەتا ئێستاش هەموو رۆژێك ئەو خیانەتە زۆر ئازارم دەداو تەنانەت هیچ خۆشەویستیەکەم بۆ منداڵەکەشم نییە بۆ سرینەوەی شەرمەزاری خۆم بڕیاری جیابوونەوەم هاوسەرەکەمدا، ئێستا خۆم و منداڵەکەم بەجیا ژیان بەسەر دەبەین، بۆیە دەڵێم باهیچ ئافرەتێك بیر لەخیانەت نەکاتەوە، چونکە دەبێت تا مردن خۆی گیرۆدە خەمەی کە بەرۆکیان دەگرێت و دواتریش ئەو منداڵە دەبێت چ تاوانێکی کردبێت، من زۆر هەوڵمدا فڕێی بدەم، بەڵام نەمتوانی چۆن فڕێی بدەم ئەگەرنا ویژدانم رێگەی پێدەدام چونکە مرۆڤێك بتوانێت خیانەت بکات زۆر بەئاسانیش دەتوانێت ئەو کارە بکات .

**(رزگار نوری) لێکۆڵەر لەبواری پەروەردەی خێزاندا، دەڵێت:** خێزانی کۆمەڵگەی کوردی لەزۆر رەهەندەوە گرفتی هەیە لەبەرئەوەی لەسەر بنەمایەکی دروست پێك ناهێنرێت لەئاکامدا رووبەرووی ئەم گرفتە قورسانە دەبێتەوە. ئەگەر لەسەرەتاوە دایك وباوك لەسەر پەروەردەیەکی دروست و چاودێرییەکی باشی نەوەکانیان پەروەردە بکەن هەرگیز بەم لەئایندەدا بیرناکەنەوە کە تۆی خیانەت لەناخیاندا بچێنن، دایکێك کۆرپەکەی خۆی فڕێ دەداتە سەر شەقامەکان دەبێت ئەم بیرکردنەوەیە چۆن بیرکردنەوەیەك بێت؟ دەبێت ئەو مرۆڤە چۆن لەمانای ژیان گەیشتبێ. بێگومان ئەو ئافرەتە کاتێك بەشێوەیەکی ناشەرعی منداڵێکی دەبێت ئەو هۆکارەی پاڵی پێوە دەنێت کە فڕێی بدات، من پێموایە لەبەر قسەی خەڵك نییە یاخود لەبەرکوشتنی خۆی، بەڵکو هەست بەشەرمەزارییەك و حاڵەتێکی ناجێگری دەروونی دەکات لەبەرامبەر ئەو منداڵەدا چونکە گەورەترین درۆ و ناپاکی لەگەڵدا کردووە و ژیانی بەرەو ئاراستەیەکی نادیار دەبات، بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەریان هەیە و لەگەڵیدا دەژین ئەم شەرمەزارییە دوو ئەوەندە دەبێتەوە. خێزانی کوردی پێویستی بەهۆشیارییەکی زیاتر هەیە تا رێگە بیگرێت لەم جۆرە حاڵەتە کە خەریکە دەبێتە دیاردەیەك، بەڵام جێگەی خۆشحاڵیە لەنەخۆشخانەکاندا رێگری تەواو دەگیرێت لەم حاڵەتە و بەهەمان شێوەش خەڵکیش هاوکارییان ناکەن.





# ئاگری باوەژنی ئەڤین دەسووتێنێ

**هەرچارەنوسە كە مرۆڤ بەرەو ئایندەیەكی نادیار دەبات، لانی كەم ئەگەر مرۆڤ زانیاری لەبارەی داهاتووی هەبووایە هەمیشە خاڵە پۆزەتیڤ و دیارەكانی هەڵدەبژێردراو هاوكات پێشهاتەكان ئەوەندە خەمناك نەدەبوون، بەبیستن و بینینی بەسەرهات و ژیانی تاكەكانی كۆمەڵگە، ئەو راستییە دەردەكەوێت كە هیچ مرۆڤێك بەدەر لەگرفت و ناخۆشی نیە. زۆركات بێ ئاگای وا لەمرۆڤ دەكات خۆی رێگە خۆشكەربێت بۆ ئەم چارەنووسە، هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئارام گربین لەبەرامبەریدا.**

"ئەڤین" كە تەمەنی (٢٢) ساڵە و قۆناغی ئامادەیی تەواوكردووە لەباسی ژیانی خۆیدا دەڵێت: سەیرە كاتێك هەموو هەست و جوانییەكانی خۆت دەخەیتە بەردەست كەسانی دەوروبەرو بەلای خۆتەوە ئازیزترین كەسن، بێ ئەوەی بزانیت هەر ئەوانن چاڵی نەگبەتی و داهاتوویەكی رەشت بۆ دەخولقێنن.

پاش بێدەنگیە چەند هەنسكێك "ئەڤین" دەڵێت: باوكم هەروەك بۆی باس دەكردم كاتی خۆی لەگەڵ دایكمدا بۆماوەی (٥)ساڵ پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە، باوكی دایكم رێگربووە لەهاوسەرگیرییەكەیان چونكە خێزانی ماڵی دایكم شێخ بوون، دوای ئەوەی كە خەڵكێكی زۆر تكا دەكەن لەباپیرم تا رازی بێت دایكم بدات بە باوكم، ئینجا هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، بەڵام هەر بەدڵ بەو پرۆسەیە خۆشحاڵ نابێت و هەمیشە رەخنەیان لێدەگرێت. خۆشەویستی نێوان دایكم و باوكم زۆر لەوە گەورەتر دەبێت كە هەست بەو قسە و گرفتانە بكەن، بۆ چەندین جار هەروەك بڵێی دڵیان خەبەری دابێت بەڵێن بەیەكتر دەدەن كە ئەگەر یەكێكیان ماڵئاوایی بكات ئەوەی تریان ژن نەهێنێت یان شونەكاتەوە، هەر ئەمە وا لەباوكم دەكات پابەندی ئەم بەڵێنە بێت، بەڵام تا ماوەیەك. دایكم بەهۆی نەخۆشییەكی كوشندەوە كەتەمەنم(٩) ساڵان بوو كۆچی دوایی كرد، بەم مردنەی دایكم باوكم تەواو حاڵی پەشێو بوو، باوكیشم تووشی چەندین نەخۆشی بوو، بەڵام هێزو توانایی خۆی هەرهێشتییەوە بۆ خەمی دنیا.

باوكم (١٣) ساڵ بەتەنها منی بەخێو كرد تەنانەت ئامادە نەبوو بچێتەوە ماڵی باوكی و لەگەڵ خوشك و براكانیدا بژی، بەو دەردەسەریە منی پێگەیاند، هەمیشە دەیگووت هەموو ئاواتم هەرتۆی (ئەڤین)گیان، باوكم منی زۆر خۆش دەویست هەرچییەكەم بویستایە بۆی جێبەجێ دەكردم، بیرم نایەت بۆجارێكیش دڵی شكاندبێتم.

"ئەڤین" دەڵێت: ئەو خانووەی ئێمەی تێدابوون وەرەسەی ماڵی باپیرم بوو، بۆ نەگبەتی من و باوكم، باپیرم كۆچی دوایی كرد، بەمەش زیاتر حاڵمان خراپتر بوو چونكە مامەكانم نەیانهێشت كفنی باپیرم زەردبێت كە داوایان كرد میراتی باپیرم بەش بكرێت، یەكێك لەوانە ئەو خانووە بوو كە ئێمەی تێدا دەژیایین.كاتێك بڕیاردرا خانووەكە بفرۆشرێت لەگەڵ باوكمدا زۆر گەڕاین بۆ خانوویەكی كەكرێی گونجاو

ئا: ناسك سەعید سلێمانی

بێت.هەرچەند هەوڵماندا خانوومان دەست نەکەوت تا شوقەیەکمان دۆزیەوە و بەکرێمان گرت.دوای دابەشـــکردنی میراتی باپیرم، ئێمەش بڕێکی کەمـــان بەرکەوت، بەڵام بەشی خانووی نەدەکرد نەشمانتوانی خۆمان پارەی تری بخەینە سەر، بژێومان زۆرباش نەبوو، چونکە باوکم فەرمانبەربوو. دوای ئەوەی چوینە شوقەکەوە ماڵێك دراوسێمان بوون کە ژنێك بـــوو تەنهاکوڕێکی هەبوو، ژنەکە بێوەژن بـــوو لەمێردەکەی جیاببۆوە ماوەیەکـــی زۆر نەبوو تەڵاقدرابوو هەروەك دوایی زانیمان لەســـەر خراپی و دەمەوەری تەڵاقدراوە.ئەم ژنە لەسەرەتادا زۆرهاتوچۆی نەدەکردین دوای نـــۆ مانگ زیاتر ئینجا لێمـــان نزیك بـــۆوە و هاتوچۆی دەکردین، من ئـــەوکات لەپۆلی شەشـــی ئامادەیی بووم، نەمدەتوانی خواردن ئامادەبکەم وەك پێویست کاری ماڵەوە بکەم، ئەم ژنەش ئەم هەلەی قۆســـتەوە بەبیانووی ئەوە دەهاتە ماڵمان تاوای لێهات تەواو شـــارەزای ماڵ و حاڵمان بوو، جگەلەوە شـــەوانیش زۆرجار لەگەڵ کوڕەکەی دەهاتن و لەگەڵ باوکمدا دادەنیشـــتن، ئـــەم زۆر هاتوچۆیە چەند نهێنی و پلانی خۆی لەژێردا بوو، بێئەوەی من و باوکم هەستی پێبکەین، چونکە زۆر بەلێزانانە و وریایانە دەهاتە پێشەوە.

### بڕیاردانی باوکم

دوای ناســـین و هاتووچۆیەکی بێڕادە، رۆژێك باوکم گووتی کچم دەبینم تۆ زۆر بێتاقەتی کاتێك لەماڵ دەردەچم و هەروەها زۆر دڵت بە "شـــیرین خان"ی دراوســـێمان دەکرێتەوە و هەســـت دەکەم خۆشت دەوێت، گووتم بەڵێ وایە باوکە گیان زۆر هۆگری بووم بەڵام بۆچی دەپرسیت؟ گووتی کچی خۆم، تۆ دەزانی من (١٣) ساڵە وەك دایك و باوك بەخێوت دەکەم و پەروەردەم کردوویت، بەڵام من رۆژ بەرۆژ باری تەندروســـتیم خراپتر دەبێت و ناتوانـــم خزمەتی زیاترت بکەم، هەرچەند تۆ هاوکاریت کردووم، بەڵام کاتێك بچیتە زانکۆ پێویستیت بە خزمەت و کاتی زیاتر هەیە.مـــن بەڵێنم بەدایکت دابوو کە هەرگیز بیر لەژنهێنان نەکەمەوە، بەڵام لەئێســـتادا ناچارم بیر لەومەسەلەیە بکەمـــەوە بەتایبـــەت ئەگەر کەســـێکی گونجاو هەبێت. گووتم باوکە مەبەســـتت چییە؟ باوکم لەوەڵامدا ووتی: مەبەســـتم "شیرین خان"ی دراوسێمانە، ئەڤین گیان تۆ خۆشت هەســـت ناکەیت لەزۆر شتدا لێمان نزیکن و لەژیانیاندا تاڕادەیەك وەك ئێمەن، گووتم: باوکە گیان ئەوەیان بڕیاری خۆتە منیـــش رازیم بەڵام ئـــەو کوڕی گەنجی هەیە، بیرت لەوە کردۆتەوە؟ گووتی چۆن لەگەڵ شـــیریندا باســـمان کردووە دەڵێت: دوای کۆتایی هاتنی مەسەلەکەی خۆمان، هەوڵ دەدەم ژن بۆ ئەویش بهێنم!!

### ئاشکراکردنی پلانەکەی

تاقیکردنەوەکانـــم تەواوکرد و ئیتر باوکم لەگەڵ شیریندا پرۆسەی هاوسەرگیرییان پێکهێنـــا، من هەرچەند منـــداڵ بووم کە دایکم کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەو رۆژەدا زۆر نارەحـــەت بووم دڵم تەواو تەنگ بوو. لەسەرەتاوە ژیانمان تەواو گۆڕاو لەهەندێ کاتدا دەمگووت خۆزگەم باوکم زووتر ژنی بهێنایاتەوە، بـــەڵام چۆن بزانم کە ئەم ژنە هەمـــوو پێکەنیـــن و رەفتارێکی مارێکی سـڕەو خۆی حەشـــارداوە. رۆژێك شیرین

تویێژەرێکی کۆمەڵایەتی: ناکرێ بە سادەیی لە کەسانی دەووربەرمان بڕوانین و زۆر متمانەیان پێبکەین، چونکە لەوانەیە سەرەتا خۆیان بەوەفادار بۆمان نیشان بدەن، دواتر کێشەمان بۆ دروست بکەن



درکاندی و ووتی: ئەڤین گیان شوانەی کوڕم تۆی زۆر خۆش دەوێت و تۆی زۆر بەدڵە، چەندین جار ئەمەی پێ گووتوم کە بەتۆ بڵێم، نازانم تۆ دەڵێی چی؟ گووتم شیرین خان چۆن شتی وادەبێت من وەك برایەك سەیرم کردووە و هەروەها کارێکی نابەجێیە، گووتی رۆڵە بۆ نابەجێیە خۆ ئێوە هیچی یەکتر نین، حەزدەکەیت لەلای یەکێکی شارەزا پرسیار دەکەین، من ئەو کارەم هەر بەبایەخی دەزانی، بەڵام نەخۆی نەکوڕەکەی وازیان نەدەهێنا تا بەباوکمیان گووت، باوکم ووتی: هەرگیز کاری واناکەم ئەگەر لەرووی شەرعیشەوە دروست بێت لەرووی نەریت و کلتوورەوە شتێکی نابەجێ و نەگونجاوە رازی نابم، بەڵام شیرین هەر وازی نەهێنا و هەردەیگووتەوە.

پاش بێدەنگ بوونی بۆ ماوەیەکی زۆر رۆژێك شیرین گووتی: ئەڤین وەرە پێم بڵێ شوانە کەی ئەم وێنەیەی تۆی گرتووە، من بەدزیەوە لەمۆبایلەکەی شوانەم وەرگرتووە، کاتێك سەیرم کرد نەمزانی چی بڵێم بەلامەوە سەیر بوو کە ئەو وێنەیەی



پیشاندام، چونکە زانیم دوارۆژەکەی چی دەبێت!!. گووتم شیرین خان ئەمە تۆمەتە بۆ منت دروست کردووە هەرگیز کاری وام نەکردووە من کەی لەگەڵ شوانەدابووم، شیرین ووتی: ئەی خۆ من وێنەم نەگرتوویت تۆ خۆت لەگەڵ شوانەدا بوویت و لەوکاتەی خۆت گۆڕیوە وێنەی گرتویت ئەگەر ریگەی پێنەدەیت چۆن ئەو وێنەیەت دەگرێت؟ گووتم بۆ خاتری خوا چۆن وادەڵێیت. شیرین گووتی: من شتێکت پێدەڵێم ئەگەر بەقسەم نەکەیت ئەوا ئەم وێنەیە پیشانی باوکت ئەدەم. نەم ئەزانی چی بکەم،دەستم کرد بەگریان و لێی پاڕامەوە کە پیشانی باوکم نەدات چونکە دەترسام باوکم باوەڕی پێ بکات، چونکە ژنێکی زۆر فێڵباز بوو. دوو سێ جار گووتی ها ئەڤین دەڵێی چی ئەگەر رازی نەبیت پەیوەندی دروست بکەیت لەگەڵ شوانەدا ئەگەر مێردیشی پێنەکەیت کێشە نییە، بێگومان شیرین بۆیە ئەمەی بۆ دروست کردبووم تا باوکم دەرم بکات و ماڵەکەی بۆ چۆڵ بێت. نەم دەزانی چی بکەم کەسێك نەبوو ئامۆژگاریم بکات و پرسیارێکی لێبکەم. ناچاربووم رازی بم، وامدەزانی شیرین ئەم مەسەلەیە لەبیر دەکات نەمزانی گەورەتری دەکات و توشی دەردەسەریم دەکات.

### ئەنجامدانی پلانەکە

شیرین هەموو شتێکی رێك خستبوو، ئەو رۆژە لەماڵ نەبوو لەپڕ شوانە خۆی کرد بە ژووردا گووتی :ئەڤین ئامادەی؟ منیش دەستم کرد بەگریان و زۆر لێی پاڕامەوە تارازی بکەم هیچم لێ نەکات و ئابڕوم نەبات، شوانە ووتی: ئەڤین باشە من هیچم ناوێت، بەڵام باپێت بڵێم دایکم ئەمەی بۆئەوە کردووە تۆ یان بەکوشتن بدات یان بەدەرکردنت بدات، ئەگەر بەقسەم دەکەیت من ئەمە بەباوکت دەڵێم تۆ دەڵێی چی؟ گووتم نا بەقوربانت بم بەدایکت بڵێ رێك کەوتین باوازم لێ بێنێت، لەوکاتەدا باوکم و شیرین خۆیان کرد بەژووردا و شیرین گووتی بەچاوی خۆت بینیت کە بەیەکەوەن تۆ باوەڕت بەمن نەدەکرد، من ئامادەم کوڕەکەم دەربکەم تۆش کچەکەت دەربکە. بەبێ ئەوەی کەس قسە بکات شیرین وێنەکەی نیشانی باوکمدا، باوکم یەکسەر پەلاماری دام، شوانە دەستی گرت بەڵام بێ سود بوو، ئەوانی دەرکردو زۆری لەمندا تا هیلاك بوو، بەبێ ئەوەی کەسێك بەدەنگمەوە بێت.باوکم رۆیشتە دەرەوە هەرچۆنێك بوو هەستام پەلاماری دەبە نەوتەکەم دا و نەوتم کرد بەخۆمدا و ئاگرم لەجەستەی خۆم بەردا، لەکاتی هاوارکردنمدا دراوسێکانمان هاتن کوژاندیانمەوە و بردیانم بۆ نەخۆشخانە، کاتێك شیرین هات بۆ لام زۆر گریا و داوای لێ بوردنی کرد کە ئەو هۆکاربووە بۆ ئەم خۆسوتاندنەم، بۆیە خۆی پێ رانەگیرابوو کە چووبۆوە بۆ ماڵەوە بەباوکمی گووتبوو کە ئەو بووە وێنەکەی گرتووە کاتێك لەژوورەکەی خۆیدا خۆی گۆڕیوە و ئەڤین ئاگای لێنەبووە، باوکیشم لەخەفەتدا جەڵتە لێیداو و کۆچی دوایی کرد، منیش ئێستا بەدەست سوتاوی گیانمەوە دەناڵێنم و گریان هەموو ژیانمی داگیرکردووە.

**سەبارەت بەم رووداوە توێژەری کۆمەڵایەتی "کاردۆ جبار" دەڵێت:**

خستنەرووی رووداوەکان لەلایەن ئەوکەسانەی کە بەسەریاندا هاتووە، دەرخەری خاڵە نهێنیەکانە کەلەهەموو مرۆڤێکدا هەیە، ئاماژەیەی پۆزەتیڤە بۆ چارەسەرکردنی گرفت. ئەوەی ئەڤین باسی دەکات نمونەی چەندان کەسی ترە لەم کۆمەڵگەیەدا، بەڵام کەم کەس هەیە باس لەژیانی خۆی بکات. هیچ کەس نابێت بەسانایی لەکەسانی دەوروبەری خۆی بروانێت و زوو متمانەیان پێ بکات، چونکە ئەو کەسانە بەرواڵەت خۆیان بەخۆشەویست و دڵسۆز دەزانن لەدواییشدا دەبنە خۆرە بۆت و هەموو ژیانت لەناو دەبەن،بەڵام ئەوەی ئەڤین کردویەتی کارێکی باش نییە، دەکرا لەرێگەی راوێژەوە زیاتر لەباوکی نزیك بووبایەوە نەك ئەو بریارە هەڵەیە بدات، کە لەئاکامدا خۆی لەناوبرد نەك باوژنەکەی.